# دوانەی ونبوو

*شیعری بەکر پشدەری*

ئالێرەوە تێپەڕیون
لەم بەفرەدا شوێن پێکانیان دەناسمەوە
ئەوان دوکۆرپەی ناولانکەی نیشتمانێکی
سوتماك بوون
بەیەکەوە لە دایك بوون
بەیەکەوە ڕام ژەنیون و ڕژاونەتە ...
ناو داستانی شەوەکانم و ...
ئاڤێستای فرمێسکی چاوم و
گەروی ڕك و ..
سەمفۆنیای هەناسەمەوە
**
پێم نەوتی ..
با پشتێنەکان توندترین
قەیتانەکان باشتر شەتەك بدەین لە پێ
یەکی پاڵتۆیەك پەید اکەین
چەتر دالدەی ئێمە نادا
چ جای ئاسمان
ئەویش فۆتۆی چاوەکانی
بارگەکانمان کۆپی دەکاو ...
دەمانگریو بەرمان نادا
**
دەی هاوڕێگیان هەنگاو بنێ
پرپرم کە لەو هەنگاوەی
لەتەك منا هەڵی دەگری
لێوان لێوم کە لەو مانگەی ....
هەنگی ئاپورە دراوی ناو سینەتە
تاکەی ئێمە هەر ڕێگا لە کۆڵمان بگرێ؟
بێنە دەستت ..
با ئەم ڕێیە بە کۆڵ دادەین !
**
هەنگاو بنێ
سنگی پێنوسەکەی یەخەت پڕ لە خوێنە
گومان نییە لەم چڕستانی عەشقەدا
بۆ دیتنەوەی دوانەی ونبوو
چەندین لالە کز دەکرێن و ...
پەروانەش هەر لە سوتانا پێمان دەڵێ
بۆ ڕووناکی ... خوێن .... هەوێنە ...
**
گومان نییە
بەستەڵەك و شەختەو زریان
گەر شوێن پێو پەناگامان بن
یان ڕووباری خوێن هەنگاو .... و،...
شوێن پێی مرۆی نێندەرتاڵ
خورپەی خۆشی خەوێکی بێ ئاگامان بن ....
**
دەی هاوڕێ گیان ...... ماندوو مەبە
با پشتێنەکان شل نەبن
ئەژنۆکانمان با گەرمتر بن لە هەنگاو ....
ئێمەی ڕواوی ....
بەر شنە بای سیرو سێوی ئەرخەوانی
زۆر گەورەترین لەزامی
قەتماغە بەستوی سەر جەستەو
لێوی برینی دەم شڕی گوندی سوتاو ....
**
پێ هەڵگرە
گەر هەر پێیەك
ئاپورەی مەرگێك بدات و .....
هەر هەنگاوێك شوێن پێیەکی نوێ تر ڕەنگ کا
دوانەیەکین لە دارە دارە قوتار بوین
ئەوە هەموو ئاوێنەکان
گەندەموی مێرد منالێمان هەڵوەریوە ....
ئێمە دو هەنگاو بەیەك جار
بۆ یەك ڕێگا شوێن پێ ئەخەین
لانکە کەشمان گولێنکەو پەتی دەسراژەی
داماڵیوە
**
هەنگاو بنێ !
دڵنیام لەو بەفرەی ژێر پێت
ئەوە پەنجەی درەختی گولاڵە سورەی
خەزانی مەرگی شەوانە .....
ئاهی دڵی چەندین شەربەتی ڕژاوە
پرچی سپی بە خەبات شانە کراوە
داباریوە.......
**
گومان نییە
هەر ئەم بەفرە .....
ڕوخساری دایکان دەشوات و.....
زاری تینوی ڕێبواری زاماری ڕێگەی دوانەیمان
پڕ ئاو دەکات ....
چاوی گولاڵە سورەکان
بەکلی یەك سەنگەری زام دەڕێژرێن و ...
قەڵمی مێژوی خاکەکەم ..
تەنها یەك سەری دائەدڕێ.

# مەرجەکانی شیوازی وتاربیژی

**سیروان هەوامانی**

وتاربیژی جۆریکە لەهونەرو شیوازو ریگای جۆراوجۆرو جیاوازو لەیەکچووی هەیە لەگەل لەگەڵ هونەری تەمسیل دا چ لەرادیۆوتەلەفیزیۆن وسینەمادا بیت،بۆیە لیرەدا چەند مەرج وئەرکیکی وتاربیژی هەیە بەکورتی رونیان دەکەینەوە بەپیی جیاوازی جۆری وتارەکە ئەوانیش ئەمانەن:

١–پیویستە شیوازی وتارەکە بگونجیت لەگەل ماناو وشەکان ورستەکاندا واتە هاویەکسان وهاوگونجان وهاوسەنگ بیت لەگەل یەکتریدا ،مەفهومی وتارەکە ئەگەر جەنگی بیت"الخطبة الحربية" پیویستە حەماسی وخرۆشاندنی پیوە دیار بیت وهاندەر بیت بۆ جۆشدان وهیرش و هەلمەت بردن تازیاتر بچینە ناواخنیەوە سەرنجی گویگران وجەماوەرەکەی رابکیشیت وپیویستە رستەکان رستەی جۆشدەروخرۆشینەر بیت بۆ نمونە وتارەکەی تاریق کوری زیاد کەئەلیت:ئەی خەلکەکە ،ئەی خەلکەکە، ئەی خەلکەکە چارمان چیە؟ دەریاکە لەپشتمانەوەیە دوژمنیش لەپیشماندایە .ئەمە لەیەککاتدا وتاریکی جەنگیە وبۆ کۆمەلیك موسولمانی دەخوینیتەوە.

٢– پیویستە ودەبیت شیوازی وتارەکە بگونجیت لەگەل گویگراندا،واتە بەکارهینانی وشەو رستەی بەهیزو کورت ومانادار لەگەل جەماوەری ئامادەبوودا بگونجیت.

٣–پیویستە شیوازەکە بگونجیت لەگەڵ وتاربیژەکە خۆیدا، ئەویش بەچۆنیەتی مامەلەکردنی وتاربیژ لەنواندن وبەجیهینانی جولەولەفزی ووشەکان ورستەکان وزمان وچۆنیەتی هەلس وکەوت وجولاندنی دەم ولیووچاووبرۆو دەست بەگشتی چۆنیەتی دەنگ وبەرزو نزمی لەئیقاعدا.

ئەرکەکانی وتار بێژ :
١– پێویستە ئەو وشەو نوسراوانە بگۆڕێ بۆ بیرۆکەکان وهەست وسۆز بگوێزێتەوە بۆ جەماوەری گوێگر ،پێویستە لەو حاڵەتەدا زۆر وریاو هۆشمەندو زیرەك بێت وبەتواناوچوست وچالاك وبلیمەت بێت لەهەموو بوارەکانیژیاندا بەتایبەتی زانستی دەرونزانی وپێویسە ڕۆحیەتی کۆمەڵ بزانێت وتاوەکو شێوازی چۆنیەتی وتارەکە دیاری بکات وهەموو کەسایەتییەکان بناسێت وبزانێت ناوەڕۆکیان ئاشکرا بکات و تاوەکو بتوانێت سەرەتاو ناوەندو کۆتایی دیاری بکات.

٢–پێویستە لەسەر وتاربێژ راستگۆو بەباوەڕ بێت لەگەڵ خۆیی و پاشانیش راستگۆو بەباوەڕبێت لەگەڵ بەرامبەرەکەیدا.

٣–پێویستە وتاربێژ قەناعەت بەگوێگر بکات لەبابەتی وتارەکەورەگەزی کارتێکردن ،هەروەها هەست وسۆزی جەماوەرەکە ئیتر لەرێگەی وشەکان ورستەکان وزمانەوەبێت یان لەرێگەی بەجێهێنانی دراماتیکییەوە بێت ،واتە کار تێکردنی هەست وسۆزی وجۆشدانی جەماوەر سەبارەت بە بابەتی وتارەکە.

٤–پێویستە وتاربێژ لەجەماوەرو نەفسیەتی ئەو جەماوەرە ئاگاداربێت تاوەکو بە ئاڕاستەی ئەوان وێنەو ئامانج وبابەتەکە بکێشێت.

# هاواری بو گول

دەوەرە سورە گولی نیو گولالە
شکوی داری ئەو مالە
چاوەگەشەکەم سورە گول
وەرە بۆ لای ئەم خالە
بروٚت قەترانی رەشە
برژانگ پەرژینی چاوان
پەلکەت وەکو ماری رەش
ئالا لەژیر کلاوان
قەدت هەر وەك دار چنار
کەمەر جوان و باریکە
سینە هەروەك پرتەقال
لیوت نۆکە فەریکە
کولمانت سورو جوانن
سیوە سورەی لوبنانن
دەوەرەجەرگم بوت سوتا
خومدەکەم بەقوربانت
وەختی دەروی بەلەنجە
بەرۆینی سەری پەنجە
دلی نەجمە دەفرینی
تو بوچی دەمرەنجینی
منی غەریبی هەژار



عاشقی توم ئەی نازدار
جوابی نازدار
دەبرو غەریبی بیکەس
توچیتە لەگولی مەست
من گولی کوردستانم
سورە گولی نیو باخانم
کەی من سیوی لوبنانم
هەلکەوتووی کوردستانم
لوبنان شاری عەرەبان
من بودەبەی بو ناویان
من هەروەکو هەنارم
زور مەیلی خوش و نازدارم
گولی دەشتی گەرمیان و
پەروەردەری هەورامانم
نەجمەدین رەسولی – سەقز

# لەساڵیادی هێشووی جوانەمەرگدا

**فرمیسك هەورامی**



**کچی جوان کۆرپەلەم میوانی دنیای تازە خولقاوم –**

**ئەدا گریەت بە زەربەی چز لەرۆحی پر گلاراوم (گۆران)**

ئیدی نەمزانی لەئاسمانی ئەستیراندا ، ئەستیرەیەکی جوان دەرکەوت ، بەنیو ئەستیرەکانی هاوریيدا خۆی دەنەخشاند . بینیم رەنگی ساوایەتی ومنالی لەئامیز گرتبوو، ئیدی نەمدەزانی ئەم ئەستیرە جوانە دەبیتە هاوریم وبەهارو پایزم لەگەلدا بەریدەکات، لەپایزدا خۆی کردە هاوریی خەمەکانم ، لەبەهارداخۆی کردە هاوریی خەندەکانم ....

کات تیپەری وەرزی پایز هات خەمەکانم لەگەل ئیوارانی پایزدا دەگەران ، لەقولایی دەریای خەمدا میوانم، میوانم لەنیگای چاوە کالەکانیوپرچە جوانەکەی هیشووگیان دەروانم. کات تیپەری وەرزی بەهار هات : زەمەنیك بوو چاوەروان بووم خونچەکان بکرینەوە ، زەمەنیك بوو چاوەروان بووم سەیرانگاکانی بەهار ببوژینەوە،

زەمەنێك بوو چاوەڕوانی بووم گوڵەکان چرۆ بکەن ، خونچەکان بکرێنەوە، هێشووی تاقانە لەگەڵ دایەو بابەدا بەرەو سەیرانگای قەشقۆڵی بەڕێ کەوت، چاوەڕوان بووم هێشوو گیان لەسەیرانگاکانی دوکان بگەڕێتەوە. ئەی خونچە جوانەکە لەکاتی سەفەرتدا پرچە ئاڵەکانت بەشنەبای بەیانیان دەشنێتەوە ، چاوە گەشەکانت بەتیشکە زێڕینەکەی هەتاو دەگەشێنەوە . ئای خوایە گیان ئەم کۆستە ناوەختە لەکوێوە هات ؟ ئەبێت ئەو بەیانییە مەرگ چۆن خۆی مەڵاس دابێت بۆ هەڵوەرینی باڵی پەپولەیەك؟ ئەی هیشوو گیان، دلی شوشەی من ودایەو بابەش لەگەل مەرگی تۆدا شکا ، دوا دلۆپی خەم و نازمان هەمووی رژا ، هەمووی تکا ، ئای خوایەگیان بۆچی لەسەرەتای کاروانی تەمەندا مەرگت بۆ هیشووی جوانەمەرگ هەلبژارد؟ چ هەلبژاردنیکی سەختبوو ؟ داستانی مەرگەسات وئازاری بی کۆتایی بوونە میوانی هەمیشەییم ، چونکە خونچەی

ژینی هیشوو لەگەل گەلای رۆحمان وەری، ئای خوایە گیان دوای تیپەربوونی نۆ سال هاورییەتیمان لەگەل هیشوو گیان لەئەندیشەی خەیالی ماتەمدا، لەناو شەپۆلی هاورییەتی وخوشکایەتی وخۆشەویستیدا هەناسەی هاورییەتیمان خنکا، یادەوەرییەکانت وەك شەو چەرەی شەوانم بوون ، شەپۆلی خەندەی سەر لیوانم بوون! کاتیك بوومە هاوریی ئەم ئەستیرە جوانە نەمدەزانی تەنیایی چیە؟ نەمدەزانی تاریکی وئاوابوون چیە؟ بەلام سالیکە هیشووی ئەستیرەم ئاوا بووەو بوومەتە هاوریی تاریکی و تەنیایی وغەم و سوتان ، هاوریی ئازیزم ، ئەی ئەستیرە درەوشاوەکەی ئاسمانی جوانی وپاکیتی لەگەل ئاوابوونت گولەکانی وەرزی بەهار تۆران وبەرگی پایزو تەنیاییان کردە بەر ، مەلی درەختەکان شیوەنی مەرگی تۆیان بەنیو شاردا رادەگەیاند ، دەرویش عەبدولاکان سۆزیان ئەرشتە گەرووی شمشالەوە ، ئەی ئەستیرە جوانەکە ئاوابوونی ئەستیرەی ژینت گەلای دلمی هەلوە راند ، دلۆپی فرمیسکەکانم تابلۆی تەنیاییوبی تۆیی دەنەخشینن، هەنسکی گریانم لەگەل گزنگی سپیدەی بەیاندا لەگەل مەولەوی دا دەدوی :

ئەمشەو وەهەرحال شەو وەرۆ کەرۆ
– خوا سامەرگی سەحەر چیش کەرۆ

دەلیم گەرین با ئەم سەحەرە هەنسکی دەریای خەم وفرمیسك بمخنکینی، باگری دلم بمسوتینی، باتروسکایی مۆمی ژینم بکوژیتەوە. هیشوو گیان دەپیم بلی لەرۆژی هەینی دوا سەفەری ژیاندا دوا وشەت لەگەل کیدا درکاند؟ لەوکاتەوە من دەڤەریکم لەگریان ، لەشەوە خەماویەکانی زستان، چونکە یادگاریەکانت لەنەخشەی جوگرافیای ژیانمدا نەخشینراون ، هیشوو گیان مامۆستاکانی قوتابخانەش بیرت دەکەن . هەموومان بیرت دەکەین چونکە ئەم سەفەرەت نەهاتی بوو ، ئەم سەفەرەت نەکاتی بوو، ئەم سەفەرە دواسەفەری ژیانت بوو، خەمی تەنیایی وبیتۆیی ئاشنام بوو، چونکە هاوری خۆشەویستەکەی من ، لیی داگیر کردین مردن .

***هیشووی جوانە مەرگ کچیکاك هیوای خاوەنی گازینۆی شەعب بوو**

# مەراقیك لەیاد

***عەلی مەعروف شەریف***

لەدورانی دروینەدا، گولی گەنم دەدریت لەداس !
گولی سووری دوای دروینە، خۆراکی دەمی شیتیکە.
درەنگی دوای بەهاریکە !
لەسایەی کام سایەدا تۆ برژانگی یارانمی
دەبا هەموو پیکەوە لەبەزمی خۆشنوودیا بین
بکەین باسی خەرابادی،وەرینی گولی دوا تەمەن!
لەجیبیدا مەراقیك یادە ، یاخود وری سەری کاسیکن
هەمووەمان لەتاوی مەرگە دەگرین لەبۆ یادی کەسیك
هیچ کەس بۆ هیچ کەس ناگری !
مندال بۆ مەمکی دایکەو گیا بۆ لیبوونەوەی زەوی !
کەچی هیشتا سەفەر ریگایەکی ونە بۆ نایبینن؟
هەموو لەدەوری یەکترین ، باگریان بکەینە ژیان
تەمەن کورتە
چ پیویستە مرۆڤ دانییت لەسەر رنوی بەفری نیشتوو.

# مرۆڤ و کات کاتژمیر

مرۆڤ هەر لە کۆنەوە گرنگی کاتی زانیوە و بایەخیکی زۆری پیداوە، هۆکاری ئەم بایەخەش دەگەریتەوە بۆ کەمی تەمەنی مرۆڤ، بۆیە هەولی زۆریداوە کاتەکانی خۆی بە فیرۆ نەدات.

سەرەتا مرۆڤ کاتژمیریی خۆریی یان رۆژیی دروستکرد کە بریتی بوو لەدەوریەکی بازنەیی تەخت کە دابەش کرابوو بە چەند بەشیکی جیاوە، لە چەقی بازنەکەشدا پارچەیەکی سێ گۆشەی تیادا بوو کە بەهۆی شکاندنەوەی سیبەر بەسەر بەشەکاندا کاتەکانیان زانیوە.

پاشان توانیویانە شەویش سوود لە مۆم وەربگرن کە دابەش کراوە بەچەند ئەلقەیەك و بەوجۆرە بە پێی سووتانی مۆمەکە کاتەکانیان زانیوە.

پاشان مرۆڤ بەم داهینانە نەوەستایەوە بۆ دیاری کردنی کات و پاش ماوەیەك کاتژمیری لی دروستکرد کە بریتی بوو لەشوشەیەکی دوو کەمۆلەییو پردەکرا لە لی ورد بەهەلگەرانەوەی شوشەکان و رژانی لمەکە بۆ بەشە خالیەکە کاتەکانیان دیاری کردووە، پاشان کاتژمیری جۆراو جۆرو سەیروسەمەرە پەیدا بوون کە هەندیکیان قەوارەی گەورەو هەندیکیتریشیان قورس و قەبە بوون تا کاتژمیر گەیشتە ئەو شیوە کاتژمیرانەی کە ئیستا ئیمەی مرۆڤ بەکاریان دەهینین.

گرنگترین شتێ هەبێ لە دروستکردنی کاتژمیردا ئەوەیە کە کاتەکانمان وەکو زیر تەماشا بکەین و بەکارو پیشەی جوان وسوودمەند پی یان بکەینەوە.

ئا: دونیا کامەران